# داهێنانێکی نوێ!

rahman_awarekan@hotmail.com
عبدالرحمن محمد(مەلا رەحمان)



## Inventief in Irak

**KIRKUK** - Een inwoner van Kirkuk, in het Koerdische noorden van Irak, waagt zich in een zelfgemaakt voertuig tussen het autoverkeer. De Amerikaanse minister van buitenlandse zaken Condoleezza Rice, op rondreis in het gebied, heeft Turkije gewaarschuwd dat dit land meer moet doen om te voorkomen dat terroristen vanuit het land aanslagen plegen in het gebied. Rice bracht gisteren samen met minister van defensie Donald Rumsfeld een verrassingsbezoek aan Irak. In de hoofdstad Bagdad is vanochtend de zus van de nieuwe Iraakse vice-premier Tareq al-Hashemi doodgeschoten. Hashemi verloor twee weken geleden al een broer – ook die werd vermoord. In het zuiden van Irak kwamen vanochtend twee Italiaanse en een Roemeense militair bij een explosie om het leven. Over het terugsturen van het eerste Australische slachtoffer in Irak is vandaag opschudding ontstaan. De familie trof in de kist die in Melbourne aankwam, een verkeerd lichaam aan.

Foto Reuters

ئەم وێنەیە لە بەرواری ٢٧/نیسان/٢٠٠٦ لە رۆژنامەی (leeuwardercourant)بڵاو ببوەوە کە رۆژنامەیەکی هۆڵەندییە، باسی کەسێکی شاری کەرکوک دەکات کە ئەم شتە ی دروست کردووە. لە نێوان ئەو هەموو ئۆتۆمبێلەدا لێی دەخورێت (ئەم وێنەیە ئافرەتیکی هۆڵەندی بۆی هێنابووم ،لە کاتێکدا من باسی دەوڵەمەندی شاری کەرکوکم بۆی کردبوو کە تیایدا دەژیام سەرچاوەیەکی ئابوری عێراقە لە بەرهەم هێنانی نەوتدا).دیارە ئەو کەسەی ئەم وێنەی گرتوە کۆمەڵێک سەرنجی لا دروست بووە، لە گەرانەوەی ئەم کۆمەڵگایە بۆ سەدەکانی پێش دروست کردنی ئۆتۆمبێل،وە یاخود بەرزبوونەوەی نرخی سوتەمەنی بەنزین وای لەم کەسە کردووە کە وەسیلەیەکی نوێی گواستنەوە دروست بکات، ئیتر یەکێک لە سەر ئێشەکانی کەم بکاتەوە وە هەر وەها تا بەیانی لە بەنزینخانەکان خەو لە خۆی حەرام نەکات بۆ چاوەروانی چەند لیترێک بەنزین .لەوانەیشە لە بەر ئەوەی نەکەوێتە بەر چاوی دزو درۆزن و پیاو خراپ تەماحی ئۆتۆمبێلەکەی بکەن و بیکوژن(لە بەر ئەوەی ئاسایش نیە)،یاخود لە چاوی پیسەوە دور بێت (لە کۆمەڵگایەکدا مەزهەب دەسەڵاتدار بێت تەماشا کردنیش دەبێت بە چەکێکی ترسناک!!!!!!!!!!!).

ئەگەر بەراوردێکی ئەم وێنەیە بکەین لە گەڵ ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە بەرپرسانی دەسەڵات و سەرمایەدارانیان بە کاری دەهێنن، نرخەکانیان بە(دەیان و سەدان هەزار$)ە،بەوەیشەوە نەوەستاون ناوی ئۆتۆمبیلەکانیان بە ناوی ژنە هونەرمەندە ناودارە ناسک و نازدارەکانەوە

دەنێن وەک(لیلی علوی ،مۆنیکا ،........).تا دەگاتە ئەوەیزۆر  ڕێگای تایبەتی بۆ ئۆتۆمبێلی بەرپرسان دروست کراوە، کە قیرتاویکی تایبەتی لە سەر شێوازی ئەندازیاری هاوچەرخ هەموو مەرجەکانی سەلامەتی هاتووجۆی تێدایە وە مۆدێلاتی جیا جیا بۆ وەرزەکان و مناسەباتەکانیان.

ئەم وێنەیە تەنها دیمەنێکی بچوکی ئەو کەلێنە گەورەیە کە گەندەڵی و ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای عێراقدا لە نێوان پارێزەرانی دەسەڵاتی سەرمایەو چینی کرێکارو زەحمەتکێش و بەش مەینەتدا دروستی کردووە،ئەگەر تەماشای وێنەی کۆشک و تەلارو ئاهەنگەکانیان بکەی ئەو کاتە دەزانی(کە کۆمەڵی ملیۆنی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش تەنها لە بەر خۆشی و ئارەزوەکانی ئەوان لە دایک بونەو ژیان دەکەن)

بۆیە ئەگەر نارەزایەتیەکانی خەڵکی نارازی و ئازادیخواز سەرکووت نەکرێت،کەسانی دژ بە گەندەڵی دادگای و زیندانی نەکرێن ،دەسەڵات بدرێتە دەستی خاوەنانی ئەسڵی کۆمەڵگا ،ئەو کاتە ئەو وێنەی سەرەوە شێوەکەی دەگۆڕێت و گەورە دەبێت و دەگاتە هاوشانی ئۆتۆمبێلەکانی دەوروبەری.

26/5/2006